

# ئاشنابوون بە کانت

لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

2–2

بە بۆچوونی کانت، کات و شوێن زەینی «سوبژکنیو»ین. ئەمانە شێوەی ئێمەن بۆ تێگەیشتنی جیهان. کات و شوێن لە روانگەیەکی عەینییانەوە «ناچار»ین، کە بەبێ ئەوە توانای تێگەیشتنی ئەزموونی خۆمان نابێت، بەڵام تەنیا ماکە زەینییەکان نین کە یارمەتیدەرن دەرک بە ئەزموونی خۆمان بکەین. کانت ڕوونیدەکاتەوە کە کۆمەڵێ چەمکی جیاواز هەن کە ئێمە بە توانای زانینمان سەربەخۆ لە ئەزموون تێیاندەگەین. ئەم چەمکانە لە خۆگری فەرمانی وەک چۆنیەتی، چەندێتی، و ڕێژەیین. ئەمانەش ئەو عەینیانەن کە نابێت بخرێنە لاوە. ناتوانرێت جیهان بە شێوەیەکی تر مەگەر بە سەرنجدان لە چۆنیەتی، چەندێتی و وەکو ئەمانە لێی بڕوانرێت، بەڵام لە

## کانت بەرنامە تایبەتییەکەی پەیجۆر دەکرد و هاووڵاتیان هەمیشە سەعاتەکانیان لەگەڵ کانت بۆ پیاسەکردن میقات دەکرد

ڕێگەی ئەم عەینیە ناچارییانەوە تەنیا دەتوانرێت دیاردەکانی جیهان ببینرێت- هەرگیز ناتوانرێت لە زاتە ماقوڵەکان(نۆمین، شت لە خۆیدا) ئەو واقیعەتە راسنەقینەیەی کە پشتیوان یان دروستکەری ئەم دیاردانەیە، تێبگەیت.

دەڵێن تەنیا کەسێک کە هەرگیز کێوی نەبینیبێ دەتوانرێت باوەڕی وابێت کە شوێن لە دەرەوەی ئێمە نییە بەڵکو تەنیا بەشێکە لە سیستەمی تێگەیشتنی ئێمە، و ئەقڵی ساغ لەگەڵ ئەم وتەیە کۆکە،بەڵام ئەمجۆرە رەخنە بێ ئەزموونانە قەناعەت پێکەر و بەرهەستی نین و پەیوەندییان بە فەلسەفەوە نییە.

کات و شوێن و چەمکەکان(کە برینییە لە چەمکەکانی وەک فرەیی، هۆیەکی، و بوون)، تەنیا دەتوانرێت لەڕووی دیاردەکانی ئەزموونەوە بەکاربرێن، ئەگەر ئەوانە لەبارەی ئەو شتانەوە بەکاربهێنین کە ئەزموون ناکرێن دەگەینە» رکابەری»، واتە بە دوو دەستەواژەی دژ بەیەک کە هەردووکیان دەتوانرێت بە بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵی روون بسەلمێنرێن. کانت بەمجۆرە هەموو بەڵگاندنە ئەقڵییە پەتییەکان دەربارەی بوون «یان نەبوون»ی خودا پوچەڵ دەکاتەوە. هەرگیز ناتوانرێت چەمکێکی وەکو بوون بەخودێکی ئەزموون نەکراو ناوزەد بکرێت.

دەتوانرێت ببینرێت کە ڕێبازی کانت لە کتێبی «رەخنە لە ئەقڵی پەتی» دا مەبەست لە هەڵگەڕانەوەی یەکجاری میتافیزیک نەبوو. مەبەستی کانت لە «ئەقلی پەتی» ئەقڵی ئازاد لە ئەزموون یا بەر لە ئەزموونە. هیوم نکۆڵی لەمجۆرە زانەبەرزە( ئەو زانانەی کە لە ئەزمـوون «ئێدەپەڕن») کردبوو، بەڵام کانت باوەڕی وابوو کە ئەم هێمانە بەرزە/ میتافیزیکیە لە چوارچێوەی «چەمکەکانی ژێری بێگەرد»دا خۆی گەڕاندۆتەوە بۆ فەلسەفە. ڕوانینی بەدگومانانەی هیوم لەوانەیە سادەو ساکار بێتە بەرچاو، ئەگەر بمانەوێ لە جیهانی واقیعیدا بژین شتێکی بەڵگە نەویستە ئەمە نا کردەییە.(نکۆڵی هۆیەکی لە واقیعی زانسنیدا بەتەواوی ئاستی میتافیزیک دادەبەزێنێت.) لەلایەکی ترەوە، روانینی کانت لە رادەبەدەر زیرەکانە و ئاڵۆزە، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە بە دەگمەن بەسەر هیومدا زاڵدەبێت. ئێمە لەوانەیە نەتوانین جیهان بەبێ هێنانە پێش چاوی «شوێن، چەندێتی، و نمونەکانی» ئەزموون بکەین، بەڵام زەحمەتە بتوانرێت بەڵگاندنی بۆ بکرێت کە ئەمانە بەشێکی جیانەکراوەی ئەو ئەزموونە نین، یان دەرکی پێ بکرێت کە چۆن بەبێ ئەوە(واتە بەرلەوە) دەتوانرێت بوونیان هەبووبێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەم بەڵگەهێنانەوانەی کانت کە هەرگیز ناتوانرێت جیهانی راستەقینەی پێ بناسرێتەوە بایەخێکی زۆری هەیە. هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە هەستی پێدەکەین تەنیا دیاردەیین «بەردەستن»(ئەوەی کە کانت پێی دەڵێت جیهانی فینۆمین- و). شت لە خۆدا(زاتی ماقوڵ) کە پشتیوان یان ئەفرێنەری ئەم دیاردانەیە بۆ هەمیشە نەزانراوە. و هۆکارێک نییە کە لە ئاستی تێگەیشتنی ئێمەدا بێت. دیاردەکان بە چەمکەکانمان دەرکیان پێدەکرێت و لێیان تێدەگەین کە هیچ پەیوەندییەکیان بەشت لە خۆیدا « هەستە ناوەکییەکان»وە نیە. ئەمە لەودیو چۆنیەتی، چەندێتی، ڕێژەو ئەو شتانەوەیە.

لەدوای بڵوکردنەوەی ڕەخنە، کانت درێژەی بە ژیانی وردو ڕێک و پێکی خۆیدا. ئەمە بەربەست نەبوو لە کەمێک هاودەمی، کە هەمیشە بە ڕەگەزێکی ناچیز

لە ژیانیدا ئەژمار دەکرێت. پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارانی هزرڤانی خۆی و هەروەها هەندێک لە ئەندامانی پەیمانگادا هێشتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز لەگەڵ هیچ کامیان نزیک نەبوو(هیچ کەسێکی، تەنانەت لە دوای دەیان ساڵ پێکەوە ژیان، بە «تۆ» بانگ نەدەکرد). ژیانی هزرو بیرکردنەوە بوو. «بۆ توێژەرێک، بیرکردنەوە هۆکاری تەغزییەیە، ناتوانێت بە بێ ئەوە، کاتێ کە بێدارە یان تەنیایە، بژی.» زیاتر حەزی لە ناسینی خۆی بوو تا هەرکەسێکی تر،بەڵام ناسینی کانت بۆ خودی خۆی بەهەمان ڕادەی کەسانی تر دژوار دەهاتە بەرچاو. گلەیی هەبوو کە «خۆم بەتەواوی ناناسم.» دەشێ لەو شتە ترسابێ کە مومکین بوو لێی تێبگات. لەم بارەیەوە شار فشتاین ئاماژە بە خاڵێکی سەرەکی دەکات: «ئەم شتە لە خۆیدا ئەسڵەن نەزانراو نەبوو، قەدەغە بوو، چونکە بەبڕوای من ئەمە هەمان ژیانی سەرکوتکراوی کانت بوو، و دەترسا کە ئاشکرابوونی ئەوە بە بەهای لەناوچوونی وجودی خۆی تەواو بێت.»

کانت باش دەیزانی کە هاوڕێی نییە، بەڵام ئەمە بێتاقەتی نەدەکرد. حەزیدەکرد قسەی ئەرەستۆ بگوازێتەوە: «هاوڕێکانم، من هاوڕێم نیە.» لە ڕاستیدا ئەم قسەیەی دوبارە دەکردەوە کە «هاوڕێیەتی سنوردارکردنی هەستە خوازراوەکانە بۆ تاکە کەسێک و بۆ ئەو کەسە فرە پەسەند، بەڵام نیشانەی لە دەستدانی هەمەلایەنی و نیەت باشیشە.» دەروونناسان پێیانوایە کە بێ توانایی(یان بێ مەیلی) کانت بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نیشانەی خەمبارییەکی قووڵ بوو. بەڵام وانایەتە بەرچاو کە کانت خەمبار بووبێت. بە پێچەوانەوە، ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە بینیویانە ئاماژە بە شادمانی دەکەن. «ڕەوشت و خوی کانت بە خۆڕسکی مەیلی بۆ شادمانی هەبوو. بە خەندەوە دەیڕوانیە دنیا... و شادییەکەی دەگواستەوە بۆ دەوروبەریشی. وێڕای ئەمە هەمیشە ئامادەی شادمانی بوو»، ئەمە تێڕوانینی ئاسایی یەکێک لە هاوکارانیەتی.

حەوت ساڵ لەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «ڕەخنە لەئەقڵی پەتی»، کانت کتێبی «ڕەخنە لەئەقڵی پراکتیکی»یشی بڵوکردەوە. ئەم بەرهەمەی کە لە نامیلکەی پێشوی کورتترە، سەربەستییەکی تر ناداتە بە خوێنەر.(کاتێک چاپی یەکەمی کتێبەکەی، پەیوەست بە کولریج- لە هەوادارانی سەرسەختی کانت-م بینی، بۆمدەرکەوت کە دەقی هەندێک لە لاپەڕەکانی هێشتا نەکراوەتەوە.)

کانت لەم بەرهەمەیدا دووبارە خوداوەندی هەڵگێڕایەوە، ڕەخنە لە ئەقڵی پراکتیکی تایبەتە بە بەشی ئاکاری سیستەمی کانت. لێرەدا لەبانی کتەو پشکنینی بواری میتافیزیکی بۆ تێگەیشتنمان، خەریکی کتەو پشکنینی زەمینەیەکی لەوجۆرەیە بۆ ئاکارمان. کانت کتەو پشکنینەکەی شتێ کەمتر نەبوو لە یاسای ئاکاری بنەڕەتی. ئایا لە ڕاستیدا دۆزینەوەی یاسایەکی لەوجۆرە کە هەمووان ڕازی بکات، مەحاڵ نەبوو؟ لە مەسیحیەوە بگرە تا بودایی، لە لیبراڵەکانەوە تا پرۆسیان- ئایا هەموویان باوەڕیان بە چاکەی بنەڕەتی ئاک هەیە؟ کانت باوەڕی وابوو کە دەتوانرێت یاسای بنەڕەتی پەیدا بکرێت، بەڵام بە خۆڵێ لادان لەوەی کە دەتوانرێت کەڵکەڵەی سەرەکی بێت ئەم کارەی کرد. لێرەدا چاکەو خراپە جێگەی سەرنجی نەبوو. لەسەر ئەوە نەبوو کە پوختەیەک لە هەموو ڕاڤەو لێکدانەوەکانی ئەم چەمکە ئاکارییە بنەڕەتییانە بدۆزێتەوە. کانت جەختیدەکردە کە بەدوای پشکنین و گەڕانی بنەماکانی ئاکارەوەیە نەک ناوەڕۆکەکەی. لەبارەی ئەقڵی پراکتیکییەوە هەروەکو ئەقڵی پەتی، پێویستی بە بنەما پێشییانەکانی وەکو چەمکەکان بوو.

لە ڕاستیدا، کانت سەرەنجام تەنیا بەیەک بنەما گەیشت: «بڕیاری ڕەها». ئەمە زەمینە و بنەمای پێشییانەی هەر کاردانەوەیەکی ئاکارییە: پێشەکی میتافیزیکییەتی. ئەمە بەشێوەیەکی هاوچەشن لەگەڵ چەمکەکانی ئەقڵی پەتی دا، بنەمایەک دەدات



کانت

به بیرکردنەوەی ئاکاری «ئەقڵی پراکتیکی»یمان، هەڵبەتە بێ ئـەوەی کە ناوەرۆکێکی ئاکاری تایبەتی پێبداڵت. بڕیاری ڕەهای کانت دەڵێت: «تەنیا لەسەر ئەو بنەما سەرەکییە کار بکە کە دەتەوێ ببێتە یاسایەکی جیهانیش.»

ئەم بنەمایە کانتی بەم باوەڕە هەڵنا کە ئێمە لەسەر بنەمای ئەرکەکانمان کاربکەین نەک لەسەر بنەمای هەستەکانمان، و بـەم شـێـوازە بـە کۆمەڵێک دەرەنـجـامـی نامۆ گەیشت. بۆ نموونە کانت دەیـوت پێویستە بەهای ئاکاری فەرمان نەک لەسەر بنەمای دواهاتەکانی بەڵکو لەسەر ئەم بنەمایەی کە تا چ ڕادەیەک بە گوێرەی ئـەرک ئەنجامدراوە هەڵبسەنگێنرێت، بـەڵام ئەگەر ئـاکـار ئەرکێکی پـەیـوەسـت بە کۆمەڵگا بێت و نەک تەنیا جوانی ئاک بێت، ئەمە روانینێکی تەواو گەوجانەیە.

کانت بـڕیـاری ڕەهـای خۆی لە چوارچێوەو بنەمایەکی خاڵی، لە ناوەڕۆکی ئاکاریدا دەبینیەوە. بـەڵام ئەمە بـەس نییە. هێشتا بەرهەمگەلێک لـە نـاوەرۆکـە ئاکاریەکانی تێدایە. بۆ نموونە ئـاکـاری هـاوچـەشـنـی. بـڕیـاری ئاکاری کانت پێویست دەکات کە هەمووان، بەچاوپۆشین لە ڕەوشت و کاریان، بە یەکسانی هەڵسوکەوت بکەن، ئایا سەرۆکی دەوڵەتێک دەبێت بەهەمان کەڵکەڵەی ئاکاری کاربکات کە سەرۆکی دێرێکە؟ ئەسڵەن دەتوانێت کارێکی لەو جۆرە بکات؟ چەرچڵ دەتوانێت وەکـو گاندی کاربکات؟ یـان بە پێچەوانەوە؟ لەوانەیە هەموو ڕژێمەکان بە ئەنجامی ئەم جۆرە وشکی و ڕەقیە بگەن.(بەڵم بەبێ سیستەمێکی ئاکاریش ڕاستەوخۆ سەرلێشێواو دەبین و ناتوانین هیچ دادوەرییەکی گرنگ بکەین.)

سیستەمی ئاکاری کانت ئەوی بۆ دەربڕینی ئەم باوەڕەش هاندەدا کە هەرگیز نابێت درۆ بکەیت، ئەگەر هەر دەرەنجامێکیشی لێ بکەوێتەوە. ئەو لە درەنجامەکانی ئـەم بەڵگەهێنانەوە بـە ئاگا بـوو،بـەڵام دیـسـانـەوە پێوەی لـکـا. «درۆکـــردن لـەگـەڵ ئەو بکوژەدا ئاوانە کە بـەدوای ئەو هاورێیەتەوەیە کە لەماڵەکەی تۆدا خۆی حەشارداوە.»

ئـایـا دەبـێـت بـاوەڕ بکەین کە کانت هـاوڕێ جولەکەکەشی ڕادەستی نازییەکان کردۆتەوە؟

نە: ئـەوەی لـەبـارەی ئـەوەوە دەیـزانـیـن نیشانی دەدات کە لـێـرەدا پـەیـڕەوی لـە بـڕیـاری فەرمان کـردووە. زەینی چالاکی بەخێرایی ئـەو فەرمانە ئاشکرا دەکـات کە ئەو لە خستنەداوی هاوڕێکەیدا دەسنگیردەکرێت. لە هەمانکاتدا، هەمان مەسەلەی هەرگیز درۆ نەکردن نیشاندەری زیانە لە فەلسەفەی کانت. بۆ خۆ دوورگرتن لەوە، کانت ئەم مەسەلەی درۆیـەی بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی بەجدی وەردەگـرت. چـەنـدیـن سـەعـات بـیـری لەمە دەکردەوەو ئازاری دەکێشا کە ئایا نوسینی «نۆکەری خزمەتکارتان» کە لە کۆتایی نامەکاندا، کە لەو سەردەمەدا باو بوو، ڕەوایە یان ناڕەوایە «ڕێ پێدراوە». ئایا ئەمە بە درۆ هەژمار دەکرێت؟ کانت جەختی دەکـردەوە کـە نۆکەر کەسێک نیە و مەبەستی لەوە نییە ببێتە خزمەتکاری ئەو کەسەی کە نامەکەی بۆ نوسیوە،بەڵام سەرەنجام بە ڕواڵەت لەم بارەیەوە دایشکاندەوە.

بەڵم لەبارەی مەسەلە ئەدەبییە جـدیـیـەکـانـەوە نـەرمـی نیشان نـەدەدا. دژ بـوو لەگەڵ ڕۆمـان خوێندنەوەدا، چونکە بەلایەوە هـزری «پـەرێـشـان»و زاکـیـرەی لاواز دەکـرد. «گاڵتەجاڕییە کە ڕۆمان بەزەین بسپێرین تا ئەوە بۆ کەسانی تر بگێڕینەوە»( نابێت ئەمە لەبەرچاونەگیرێ کە کانت هەموو ئەو کتێبانەی دەیخوێندەوە، لەبەریدەکرد). کانت لەبیریدەچووە

کە خوێندنەوەی ڕۆمانی(هێلویز) ی ڕۆسـۆ ئەزموونێکی هۆژێنەر بـوو کە وا دەهاتە بەرچاو بۆ خۆی ئەنجامیدابێت، بێ ئەوەی کە هزری پەرێشان یان زاکیرەی پەرپووت کردبێت.

کانت چێژی لە خوێندنەوەی شیعر دەبینی، بـەڵام تەنیا ئەو کاتەی کە شیعرێ بەرجەستەکەری هاوئاهەنگی ئەقڵنی هەڤیازی و ئیحساس بووایە. شیعری بێ کێش و سەروا تەنیا پەخشانێکی سەرکێش بوو. مۆسیقا مەسەلەیەکی جیاوازو پێکڕا دژوارتر بوو. تەنها مۆسیقا دەیتوانی لەو قاوغە سەخت و سەرکونە دەربیکات کە ئارەزوو حەزە نەوتراوەکانی بەستبۆوە، و لە ئەنجامیشدا بەتایبەت سەبارەت بەوە تووند و ڕەق بوو. لە مۆسیقای میللی بـێـزار بـوو(لـەو جـۆرەی کە دایکی زۆربەی کات لایلایەو گۆرانی بۆ وتبوو). باوەڕی وابوو مۆسیقارەکان بنەمایەکی تایبەتیان نییە چونکە ئـەوەی دەیـژەنـن هەمووشتێ لە هەستەکاندا کورت دەکاتەوە. داوای لە قوتابییەکانی دەکرد کە خۆیان بە دوور بگرن لـە گوێگرتن لـە مۆسیقا. لە هەمانکاتدا، بۆخۆی نەیدەتوانی خۆی بـەدوور بگرێت لە چوون بۆ کۆنسێرت تا ئەو ڕۆژەی کە لە کۆنسێرتی یادکردنەوەی موس مەندلسۆنی فەیلەسوف ئامادە بوو: ئەوەی بەڕێوەدەچوو، شیوەتێکی بێ کۆتایی بوو، ئەو ئیتر بۆ هیچ کۆنسێرتێک نەچووەوە.

کانت لە ساڵی 1790دا، لە

## دەرووناسان پێیانوایە بێ توانایی کانت بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، نیشانەی خەمبارییەکی قووڵبوو

تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا، سێیەمین و دواهـەمـیـن بەشی بەرهەمە مەزنەکەی(ڕەخنە لە توانای هێزی بڕیار-حوکمدان-) بـڵـوکـردەوە. ئـەم بـەرهـەمـە بـەڕواڵـەت چـاودێـرە بـەسـەر دادوەریـیـە چێژیەکانەوە، بەڵام باس لە خوداناسیش دەکات(و زۆر شتی تر). کانت بەڵگە دەهێنێتەوە کـە بـوونـی هـونـەر پێویستی هـونـەرمـەنـدە، و لـە ڕێـگـەی جوانی جیهانەوەیە کە ئەفرێنەری میهرەبان دەناسینەوە. هەروەک پێشتر وتبووی، ئێمە بەرهەمە دەستکردەکانی خـوداوەنـد لە ڕێگەی ئەستێرەکانی ئاسمان و حەزی خود بۆ چاکەکردن و خێر دەناسینەوە.

هـەروەهـا کانت لە تیۆرەی ئیدراک و تیۆرە ئاکارییەکەشی،

## هونەر پێویستی هونەرمەندە و لە ڕێگەی جوانی جیهانەوە ئەفرێنەری میهرەبان دەناسینەوە

بەنیازی دروسنکردنی بنەمایەکی میتافیزیکی بوو بۆ تیۆرەی خۆی دەربارەی بڕیارە چێژیەکان. دەیەویست بنەمای پێشیینە(بەر لە ئەزموون- A priori) دابهێنێت کە تێگەیشتنی جوانی بسازێنی. لێرەدا کانت لەسەر زەمینەیەکی لەرزۆک وەستاوە. گەیشتن بە ڕێککەوتنێک دەربارەی جوانی هەمیشە دژوارە . هەندێک چیاکانی ئەلپ وەکو کێکی شوکولاتە دەبینن و بە دوای ئیکسپرسیونیزمی بەردەوامی ڕۆحیەوەن، هەندێکی تریش نا، ئەم ڕوانینانەش لە ڕووکەشدا پێک ناکۆکن، بەڵام کانت مسڕ بوو کە هەموو شتێ لە فەلسەفەکەی خۆیدا جێ بکاتەوە.

کانت دەڵێت: «کەسێک کە شتێ بە جوان دەزانێ جەختدەکاتەوە کە دەبێت هەمووان ئەم باوەڕە پەسەند بکەن.» وێکچوونی ئەمە بە بڕیاری ڕەها ئاشکرایە، بەڵام لێرەدا کاریگەر نییە- مەگەر لە مانای نەرێنی کەسایەتیەکەیدا. جارێکی تر ڕووبەڕووی دیاردەی وەک یەکی دەبینەوە. وێڕای ئەمەی کە من نیگارەکانی فرانسیس بیکۆن بە جوان دەزانم، پێویست ناکات کە چاوەڕێ بم هەموو بەو جۆرەبن.

کانت لە درێژەی ئەمەدا بەڵگە دەهێنێتەوە کە تەنیا بە یەکێتی و گونجانی سروشت زانست دەڕەخسێت. ئەم یەکێتییە ناتوانرێت بسەلمێنرێت، بەڵام دەبێت گریمانە بکرێت. هەر پەیوەست بەم باوەڕە، وێناکردن ئامانجدار بوونی سروشتە. کانت دەڵێت کە ئامانجدار بوونی سروشت «چەمکێکی پێشیینەی تایبەت»ە. هەروەکو ئەمڕۆ دەزانین، ئەم چەمکە بۆ وێنای یەکێتی و گونجانی سروشت پێویست نییە. شێوەی کۆتایی ئەمڕۆ تیۆرەی کوانتۆم یشی خستۆتەبەر گومانەوە.

کانت جەختدەکاتەوە کە گەرچی ناتوانرێت بسەلمێنرێت جیهان ئامانجدارە، پێویستە بە جۆرێک بۆی بڕوانین کە «وەکو بڵێی» ئامانجدارە. کانت نکوڵی لە لایەنە پوچ، ناشیرین و بەڕواڵەت بێ ئامانجەکانی جیهان ناکات، بەڵام هەستدەکات کەمترین خاڵ لەبارەی ئەوانەوە ئەمەیە ناکۆکییەکانی خۆیان زیاتر دەبزوێنێن. لە سەدەی دواتر، شۆپنهاوەر بەوردی وێنەی ئەم دیدگایەی هەبوو- کە لەوانەیە شیاوتر بووبێ. سەرەنجام، نەدیدگای گەشبینانە و نە دیدگای ڕەشبینانە ناتوانرێت بە دروستی پەسەند بکرێت و بابەتەکە پەیوەستە بە ڕوانگەو تەبعی هەر کەسێکەوە.

لەم نێوانەدا، کانت بەردەوام بەرنامە تایبەتییەکەی پەیجۆر دەکرد و هاوولاتیانی کۆنگسبێرگ هەمیشە سەعاتەکانیان لەگەڵ هاتنە دەرەوەی کانت بۆ پیاسەکردنی پاشنیوەڕۆ میقات دەکرد: ڕێک(3) ی پاشنیورۆ.

ئەم تێڕوانینەی کانت کە زەمەن بەتەواوی کارێکی زەینی یەو پەیوەندی بە واقیعەوە نییە لەوانەیە لەلایەنێکەوە پەیوەندی بە ژیانی ئەوەوە هەبێت لە پروسیای خۆرهەڵات. ئەم ناوچەیە لە باشورو خۆرئاواوە هاوسنووری پۆڵەندایە کە لەرووی کاتەوە سەعاتێک لەپێش پروسیای خۆرهەڵاتەوەبوو. و لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ روسیا هاوسنوور بوو کە رۆژمێری یولیانیش یانزە رۆژ لەدوای هەموو ئەوروپاوە بوو. نزیکترین ئەو خەڵکانەی کە هەمان زەمەنی پرۆسیای خۆرهەڵاتیان هەبوو دوو سنور ئەولاتر لەلای خۆرئاوا، لە ئەڵمانیا بوون.

کانت لە پریننسینن ئیشتراسە لە ماڵێک کە لە ساڵی(1893)دا وێران بوو، دەژیا. لێرە خزمەتکارە پیرە روگرژەکەی(لامپە) چاودێری دەکرد کە لەگەڵ ئەویشدا

دەینوانی بەهەمان ڕادە ڕووگرژ بێت. هەموو شتێ دەبوایە بە دروستی ئەنجامبدرایە. لامپە ئەنانەت دەبوایە هەموو شەوێک لە دەرکردنی جل و بەرگەکانی بەشێوازێکی ڕاست یارمەتی ئەربابەکەی بدایە. و کاتێ کانت دەچوە ناو جێگەخەوەکەیەوە هەمیشە هاوینان کڵۆیک و زستانان دوو کڵوی لەسەر دەکرد، چونکە زستانان لە کونیگسبێرگ زۆر ساردتر بوو، بالتیک لەو نزیکانە دەبووە سەهۆڵبەندان. کانت هەمیشە چاودێری سەلامەتی ڕۆحی لامپە بوو.

لە ڕاستیدا کانت وتبووی کە لە»رەخنە لە ئەقڵی پەتی» خودای هەڵگێڕابۆوە بەتایبەت بۆ ئەوەی کە لامپە شتێکی بۆ باوەڕبوون هەبێت( بۆ ئەوەی لامپەی خزمەتکاری بێ خودا نەمێنێتەوەو خودایەکی بۆ دروستبکات- و). لامپە لەوانەیە بەباشی لەوە تێنەگەیشتبێ: شایەتە سوپاسگوزارییەکانی بۆ ئەو لەبەر دەستدا نییە. کەمێک ئاساننرە کە ڕوانینی لامپە دەربارەی ڕەوشی فەلسەفی و پەیوەست بە شەخسی ئەربابەکەی بۆ هەڵواسینی گۆرەوییەکانی هەڵبسەنگێنین – گۆرەوییەکانی بە دوو ئەنافدا هەڵدەواسی کە بەسەر گیرفانەکانی پانتۆڵەکەیدا ڕەتدەبوو دەگەیشتە ئەو فەنەرانە لە دوو سندوقی بچووکدا.(ئەم خاڵەی دواییان زۆر بێ مانا دێتەبەرچاو، بەڵام ئەوە بەچەند سەرچاوەیەکی سەربەخۆ پەسەند دەکەن کە یەکێک لەوانە باوەڕی وایە پەیوەندی بە عادەتی سیرمەچیەتی بوونی باوکی کانتەوە هەیە.)

ئاشکرایە کانت وەکو زۆرێک لەو کەسانەی کە خاوەنی هزرێکی سەربەخۆو داهێنەرن، نەخۆشی فۆبیای هەبوو. لە ڕاستیدا لەم روەوە زۆر چووبووە پێش کە ئەنیا کەسێ بوو سەرنجی دەدایە بچوکترین نەسازی لە خۆیدا. لە سەراپای تەمەنی درێژی ئەم پیاوە چکۆلە ناسکە، بەو جەستە ناڕێکەی، هەرگیز نەبیبسترا کە نەخۆش بووبێت. نەخۆشی فۆبیاکەشی سیستەمی خۆراکی ماندوونەکەر و بەبەرنامەی پێویست بوو، یەکێ لە عادەتەکانیشی ئەمە بوو کە تەنیا بە لوت هەناسەی دەدا، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە لە ئاووهەوای سارددا پیاسەی دەکرد. ئەمە بەو مانایە بوو کە لە پاییز، زستان و بەهاردا نەیدەتوانی وەڵمی کەسێک بدانەوە کە لەسەر شەقام سڵوی لێدەکرد، چونکە دەمی نەدەکردەوە و گەرنا لەوانەبوو سەرمای ببێت.

کانت لە بڵاوبوونەوەی سێ کتێبی رەخنەییە گەورەکەی بەختەوەر بوو. لەم قۆناغەدا فەزای سیاسی لە پرۆسیا لەبار بوو، فەزایەک کە زۆربەی کات لەو وڵتەدا بەدی نەدەکرا. جێگەی گومانە کە کانت توانیویەتی ئەم جۆرە بەرهەمانە لە زۆربەی وڵتەکانی تری ئەوروپادا بڵوبکاتەوە. ئەو ئەمەی دەزانی و(رەخنە لە ئەقڵی پەتی) پێشکەش بە تسدلیتس ی وەزیری پەروەردە و فێرکردنی فردریکی مەزن کرد. هەروەکو لە مامۆستایەکی ڕووگرژی شاری چاوەڕێ دەکرا، کانت بە ئاشکرا ڕێزی لە شا دەگرت، بەڵام لەدڵەوەو بەوپەڕی سەرسامییەوە شۆڕشگێڕ بوو جگە لە سوکایەتی هیچ قسەیەکی نەبوو بۆ ئەو فەیلەسوفانەی کە لە دەرباری فرێدریک دا دەخولانەوە.

کاتێک فرێدریکی مەزن لە ساڵی 1786 دا کۆچی دواییکرد و فرێدریک ویلهێلمی دووەم هاتە سەر تەخت، کانت خۆی لە دۆخێکی مەترسیداردا بینی. ڤۆلنێر کە لە پارسایانی پڕ لە شەوق و هەست بوو، بووە وەزیری پەروەردە و فێرکردن و کانتی ئاوانبار کرد بە خراپ کەڵک وەرگرتن لە فەلسەفە لە هەڵگێڕانەوەی ئینجیلدا. دیاربوو کەسێکیان لە وەزارەت راسپاردبوو کە هەشت سەد لاپەڕەی «رەخنە لە ئەقڵی پەتی» گەڕابوو، بۆی دەرکەوتبوو کە کانت نکوڵی لە هەموو بەڵگەکانی سەلماندنی بوونی خودا کردبوو. کانت ناچار بوو بەڵێن بدات قسە لە مەسەلە ئاینییەکاندا نەکات یان کتێبێکی تر نەنوسێت. نامەیەکی بۆ شا نوسی و بەڵێنیدا کە بەم فەرمانەوە پابەند بێت، بەڵام کاتێک شا لە ساڵی 1797دا کۆچی دواییکرد، کانت خۆی لە کۆت و بەندی بەڵێنامە ئازادکرد و بەگوڕ و شەوقێکی زیاترەوە گەڕایەوە بۆ سەر ئەم

باسە.(هەروەکو دەزانین، بیروڕای کانت لە بارەی درۆکردنەوە بەپێی پێداویستی زەمەن قابیلی هەموارکردن بوو.)

لەم کاتەدا، کانت لە حەفتا ساڵی نزیک دەبووەوە. چەندین ساڵ مەشقی، نەخۆشی فۆبیاکەشی وەها کامڵ کردبوو کە ئینر شارەزای ئەم هونەرە بووبوو. هەموو مانگێک کەسێکی بۆ ئاماری مردن دەنارد بۆ بەرێوەبەرێتی پۆلیس و لەسەر ئەوە ئەگەری مردنی خۆی حسێب دەکرد. گومانی تێدا نییە کە قەبزییەکەی زەینی خەمبار کردبوو، چەندین جۆر دەرمانی رەوانی خسنبوە سەر ڕەفەی دەرمانەکانی، کە لە ئاستی ئاقیگەیەکی دەرمانسازیدا بوو، بەوپەڕی حەز و ئارەزووەوە دواهەمین هەواڵەکانی دۆزینەوە پزیشکیەکانی لە رۆژنامەکاندا دەخوێندەوە تا نەوەکو نەخۆشییەکی تازەی هەبێت. هاوکارە نیگەرانەکانی کە هەوڵیاندەدا لەم سەرقاڵیە زەینییە بیرەوێننەوە زۆر زوو دەکشانەوە. کانت دەربارەی نەخۆشیەکان زۆر زیاتر لەهەر مامۆستایەکی پزیشکی «وشک و خاڵی» لە زانکۆی کۆنیگسبێرگ، دەیزانی. لەم باسەدا، هەروەکو کە لە باسەکانی تریشدا، نەتوانرا دژبەری و درۆزنی بخرێنە بەر رۆشنایی.(بەپێچەوانەی خودچەقیەکانی ترییەوە، لێرەدا هەمیشە هەق بەو بوو، خۆی ئەمەی دەزانی.)

مامۆستایانی زانکۆ لەوانەیە توانیبێتیان ئەو جۆرە رەفتارە بخەنە بەر رۆشنایی، بەڵام ئەمە بۆ لامپای خزمەتکاری کە ناچار بوو هەمیشە تەحەمولی ئەوە بکات، بەگران تەواو بوو. لە دوای دەیان ساڵ خزمەتی راستگۆیانە، سەرەنجام لامپە پەنای بۆ مەی برد و ناچار دەرکرا.

لەم نێوانەدا کانت هەروا خۆڕاگرانە لە بەرانبەر دەربڕینی پەیوەندی بۆ خانەوادەکەی دەوەسنایەوە. لە پاکانەی نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خوشکەکانیدا، بەردەوام دەیوت لە ئاستی فیکری ئەودا نین.(لەدوای مردنی نیوتن لەوانەیە هیچ کەس لە ئەوروپا لەو ئاستەدا نەبووبێ.) کاتێک زیاتر کەوتە ژێر فشارەوە، بە خوشکەکانی وت ئەوان زۆر باشن، بەڵام ئەو خاڵی هاوبەشی لەگەڵیاندا نییە، چونکە بێ فەرهەنگن. وێڕای ئەمە لەبارەی براکەیەوە کە پیاوێکی رووناکبیری کارمەند بوو، بەڵام کانت لەویش بێ ئاگا بوو، ئەم بیانوە بێگومان قبوڵ نەکراو بوو. ئەم برایەی زۆر نامەزرۆی هاتوچۆی برا بەناوبانگە فەیلەسوفەکەی بوو، بەردەوام نامەی بۆ دەنووسی و پێشنیاری


کانت

دیدار و چاوپێکەوتنی بۆ دەکرد، بەڵام بێ ئەنجام بوو. جارێکیان بۆ کانتی نوسی: «ئێتر تاقەتم نییە لەسەر ئەم دابڕانە بەردەوام بم، ئێمە براین.» کانت بەشێوەیەکی ئاسایی وەڵامدانەوەی ئەم نامانەی تەنانەت تا دوو ساڵی دەخایاند و دەیوت بەهۆی زۆر سەرقاڵیەوە ناتوانێت زووتر وەڵامبداتەوە. لە شەست و هەشت ساڵیدا، لەدوای دوو ساڵ و نیو، لەدوای دوو ساڵ و نیو دواکەوتن لە وەڵمی دواهەمین نامەی براکەی کە داوای دیداری کردبوو نوسی، کە دڵنیابە لەم ماوە کورتەی کە لە تەمەنی ماویەتی، هەمیشە ئەوی لەیادە، بەڵام دیسانەوە بڕیاری دیدارێکی پێ نەدا.

کانت بە پیرتربوونی، لە جاران زیاتر گۆشەگیر و دوورە پەرێزتر دەبوو. سەرەنجام دانی پێدانا کە «ژیان بارگرانیە بۆم، ئێتر تاقەتم نەماوە. و ئەگەر ئیزرائیل ئەمشەو بێت بۆ گیان کێشانم، دەست بەرزدەکەمەوە و دەڵێم، خودایە سوپاس!» لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا تامەزرۆیانە درێژەی بەکارەکەی تا مەگەر ژیانی درێژتربێت. هەموو فیکرێک لەبارەی کۆتایهێنان بەو بەتاڵ بوو. لە هەنگاونان بۆ خۆکوشتن نەدەترسا بەڵکو لەڕووی ئاکارییەوە ئەوەی بەهەڵە دەزانی. زیاد لە پێشوو گیرۆدەی مۆتەکە دەبوو. شەوان لە خەودا خۆی لە ئابلۆقەی چەتەکان و لەژێر چاودێری بکوژەکاندا دەبینیەوە. نیشانەکانی پارانویا(*) ئاشکرابوو. دەیوت: «هەموو رقیان لە یەکترییە، هەر کەسەو دەیەوێ پێش ئەوی تر بکەوێت، ئیرەیی دەبات، پڕ لە حەسودی و بەدکارییە شەیتانیەکانی ترە. مرۆڤ خودا نیە، شەیتانە.» گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە «ئەگەر مرۆڤ هەموو ئەوەی کە بیری لێدەکاتەوە بینوسێ یان بێتە سەر زمانی لە زەمینی خودادا هیچ شتێک لە مرۆڤ ترسناکتر نییە.» ئەم دوو گوتەیەی دوایی بەشێوەیەکی نامۆ نیشانی دەدەن کە ئەو لە کۆتایی تەمەنی وشک و رووگرژی، بەڵام زیاتر بێ کەم و کوڕ و گوناهی خۆی چۆن بینیوە.(ئەو دەربارەی لامپە کەمتەرخەمی نەبوو، هەموو ساڵێ دەیتوانی لە شوێنێکی تر کار پەیدابکات. و خوشکەکانی نەدەبینی، بەڵام بەردەوام پارەی بۆ دەناردن.)

شادمانی سروشتی کانت ئێستا نقومی شەپۆلی ژیانی عاتیفی سەرکوتکراوی دەبوو. بێگومان ناشاد بوو، بەڵام مسڕ بوو تا دواهەناسە لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبێت. پێداگریدەکرد کە بەلایەوە گرنگ نییە ناشاد بێت- ئەو روانینەی کە لەگەڵ فەلسەفەکەیدا بەتەواوی جێبەجێی دەکرد. لە «رەخنە لە ئەقڵی پەتی» وتبووی بەلایەوە جێگەی سەرسوڕمانە کە «چۆن مرۆڤە وشیارەکان کەوتونەتە ئەم خەیاڵەی کە شادمانی بە یاسای لۆژیکی جیهانپۆشی رابگەیەنن.» بە بڕوای ئەو شادمانی(خۆشبەختی) و ئاکار پەیوەندییەکی بنەڕەتیان پێکەوە نییە. ئێمە کاتێک کارێکی

## لەبارەی مەسەلە ئەدەبییە جدییەکانەوە نەرمی نیشان نەدەداو لەگەڵ ڕۆمان خوێندنەوەدا دژ بوو

دروست ئەنجام دەدەین لەوانەیە هەست بە شادمانی بکەین، بەڵام کانت نەیدەتوانی تێبگات کە «چۆن فکرێکی خاڵی کە هیچ شتێکی هەستەکی نییە دەتوانێت هەستی شادمانی یان ناشادی بێنێتە بوون.» نمایشی زەینی دوور لە عاتیفە تەنیا دەتوانێ بەمجۆرە بێت.(وشکترین ماتماتیکزانەکانیش خۆشحاڵی و شادمانی خۆیان لەکاتی چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی دژواردا دەردەبڕن.) لەهەمانکاتدا، کانت دانی پێدادەنا کە ئەزمونێکی بەردەوام دەبێتە مایەی خۆشحاڵی. نامەردێتی پەنهانی ئەو هەڵبەتە گۆشەگیری بوو: چێژی لەسەیرکردنی باڵندەکان وەردەگرت و هەموو بەهارێک بێ ئۆقرە چاوەڕێی گەڕانەوەیان بوو. بە وتەی هاوکارەکەی: «ئەو

## روانینی کانت لە رادەبەدەر زیرەکانە و ئاڵۆزە، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بە دەگمەن بەسەر هیومدا زاڵدەبێت

چێژەی کە ئەو هێشنا لە سروشت وەریدەگرت... گەڕانەوەی بولبولێک بوو کە لەپشت پەنجەرەکەو لە باخچەکەیدا دەیخوێند. تەنانەت لە ئەمەنی خەمۆکی پیریشیدا ئەمە هێشنا شادمانیەک بوو لەگەڵیدا. ئەگەر هاوڕێکەی زۆر دوابکەوتایە، دەیوت بەدڵنیاییەوە لە ئاپنین ئاووهەوا هێشنا زۆر ساردە.» شار فشناین، کە من لە نوسینی ئەم دەقەدا سودێکی زۆرم لە نوسینە وردبینانەکانی بینی لە بەرجەسنەکردنی ژیانی کانندا، دەڵێت کە باڵندەکان بۆ کانت نیشانەی ئازادی بوون، بەڵام ئازادی لە چی؟ دەشێ ئازادی لە سروشتی خۆی،بەڵام لەوانەشە ئازادی لەبیرکردنەوە- بەهەمان شێوەی ڕێگەیدابوو ژیانیشی بخاتە پێناوی، بەهەمان شێوە بەوە دەیەویست هەموو جیهان لە فەلسەفەکەی خۆیدا بەند بکات.

کانت لە دواهەمین دەیەی ئەمەنیدا، خۆی ئەرخانکرد بۆ بەرهەمێکی فەلسەفی گەورە کرد کە هەرگیز تەواوی نەکرد. بڕیار بوو بەرهەمەکەی ناوبنێ گوزەرێک بە بونیادە میتافیزیکییەکانی زانستی سروشتی بۆ فیزیک. ئەم بەرهەمە بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی پێشووی کانتەوە بێ دوودڵی شایەنی خوێندنەوە نییە. تا ئەو شوێنەی کە لەم پاشماوانە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت، کانت پێکهاتەی پێشییانەی گشتی بۆ دامەزراندنی زانستێکی خۆڕسک بەکاردەهێنێت و زۆر بە وردی نیشانیدەدات کە چۆن دەتوانرێت ئەمە پەرەی پێبدرێت و لە زانستی تایبەتدا بەکاربهێنرێت. لێرەدا جەخت لەسەر((زۆر بەوردی)) یە.

کانت ئێسنا بوبوە مرۆڤێکی خەمبار، وردە وردە وزە گەورەکەی لەدەستدەدا. دەڵێن کە نەخۆشی فۆبیا زۆربەی کات میتافیزیکی بەرگرییە لەبەرانبەر پارانویا. لەگەڵ ئەمەشدا، پارانویای کانت وێڕای بەردەوامی جدی و تەواوی ئەو لەم کارەدا وردە وردە بەسەریدا زاڵ بوو. ئێسنا هەسنی بە فشارێک دەکرد لەسەر مێشکی و گەیشنە ئەم باوەڕەی کە ئەم فشارە لە ئەزووی کارەبایەکی دەگمەن لە هەوادا سەرچاوە دەگرێت. بەبڕوای ئەو هەر هەمان ئەزووی کارەبایی بوو بووە هۆی گواسنەوەی نەخۆشی بۆ پشیلەکان کە سەرەنجام لە کۆپنهاگن و ڤییەننا بڵاوبووبۆوە. ئەمجۆرە دڵپەرتییە لەگەڵ»هێزە کارەباییەکان» زۆربەی کات شیزۆفرینیای لەگەڵدایە، بەڵام کانت هەرگیز شێت نەبوو. نەخۆشیەکەی تەنیا وردە وردە کرانەوەی ئەو گرێ تووندانە بوو کە ئەمەنێک بەسەختی پێوەیە دەتلایەوە، ئەو گرێیانەی کە بەخێرایی دەکرانەوە. چەند هاوکارێکی هەڵبژاردەو خوێندکارێکی «زانکۆ» جێ سەرنج کە کاتێک بۆ نانی ئێوارە بانگهێشت دەکران. لە بێدەنگیەکی خەمبارانەدا دەیانڕوانیە پەشۆکانی زەینی. پاشان خزمەتکارە تازەکەی ئەوانی بەرەو دەرگای دەرەوە رێنمایی دەکرد. لە(8) ئۆکتۆبەری 1803دا کانت بۆ یەکەمین جار لە ئەمەنیدا نەخۆش کەوت. لەدوای زیادەڕەویی لە خواردنی «پەنیری بەریتانی» کە زۆر حەزلی لێبوو جەڵدەیەکی سووکی مێشک لێدابوو. لەدوای چوار مانگ ئەنگەنەفەسی لە 12 شوباتی 1804 کۆچی دواییکرد. دواهەمین وشەکانی ES IST GUT(باشە) بوو. لە کەنیسەی کۆمەڵگا بەخاکیان سپارد. لەسەر گڵکۆکەی دەستەواژەیەکیان هەڵکەندووە کە باس لە رووکردنە خودای دەکات، خودایەک کە ئەو بێ دڕدۆنگی باوەڕی پێ بوو، بەڵام هەرگیز بەئاشکرا نەدەیپەرست - و ئەمە مناڵە بچکۆلەمان دەهێنێتەوە یاد، گوێرایەڵ بۆ دایکێکی خێرخواز کە دەیپەرستن: «ئاسمانی پڕ ئەستێرە لەسەرمەوەو قانونی ئاکار لەناخمدا دەروونم پڕ دەکەن، هەرچی زیاتر

# گفتوگۆیەک لەبارەی کانت و میتافیزیکەوە

و بێ پسانەوە بیری لێدەکەینەوە، زەین پڕ دەبێت لە ستایش و سەرسامی تازەو هەناسە بڕکێ.»

**پرسیار:(رەخنە لە ئەقڵی پەتی)ی کانت دەربارەی چییە؟**

وەڵام: میتافیزیک.

**پرسیار: میتافیزیک بە وردی چییە؟**

وەڵام: ئەم وشەیە بەشێوەی خراپ تێگەیشتوویی دەستی پێکرد و بە خراپ تێگەیشتن و وازانین بە کۆتا هات. لەم نێوانەدا، میتافیزیک بابەتی سەرەکی فەلسەفە بوو.

**پرسیار: ئەمە هێشتا وەڵمی پرسیارەکە نییە. میتافیزیک بەوردی چ مانایەکی هەیە؟**

وەڵام: بەبڕوای زۆربەی فەیلەسوفانی نوێ، هیچ مانایەک.

**پرسیار: باشە، لە بنەڕەتدا بە چ مانایەک بووە؟**

وەڵام: ئەم وشەیە سەرەتا بۆ هەندێ لە بەرهەمە فەلسەفیەکانی ئەرەستۆ لەکۆی بەرهەمەکانی ناوزەد دەکرا، کە لەدوای بەرهەمە گەورەکەی ئەو لە(فیزیک) دایاننا و هەربەو هۆیەش ئەوانەیان بە «لەدوای فیزیک» یا لەدوای سروشت ناودەبرد کە مانا یۆنانیەکەی میتافیزیکە.

**پرسیار: بەڵام ئێستاش مانایەکەیم بۆ ڕوون نەبۆوە.**

وەڵام: لەم بەرهەمانەدا «لەدوای فیزیک»، ئەرەستۆ بەزانستی پەیوەست بەو شتانەوە خەریک دەبێت کە لەبونەوەرە فیزیکی یان سروشتییەکان باڵترن.

**پرسیار: ئەمەیان بە چ مانایەکە؟**

وەڵام : زانستێکە بە بنەما سەرەتاییەکانی تیۆری ئەودیو و باڵتر لە جیهانی سروشتییەوە خەریک دەبێت. ئەمانە ئەو بنەمایانەن کە باڵدەستن بەسەر زانینی ئێمە لە هەمان جیهانی سروشتیدا. بە گوزارشتێکی تر، میتافیزیک پەیوەستە بەهەموو ئەوشتانەی باڵترە لەو جیهانە سروشتییەی کە ئەزموونی دەکەین.

**پرسیار: بەڵام چۆن دەزانین کە شت لەودیو جیهانی سروشتییەوە بوونی هەیە کە ئەزموونی دەکەین؟**

وەڵام: نازانین و هەربۆیەشە کە زۆربەی فەیلەسوفانی مۆدێرن میتافیزیک وەکو هەڵەیەک لەبەرچاو ناگرن.

**پرسیار: بەڵام کانت ئەوەی نەکرد؟**

وەڵام: کانت لێبڕاوبوو میتافیزیکی تازە بخوڵقێنێ. بەر لە هیوم ڕێک بەهەمان ئەنجامی فەیلەسوفانی مۆدێرن گەیشتبوو. هیوم وا بیریدەکردەوە فەلسەفەی میتافیزیکی لەناو بردووە.

**پرسیار: چۆن؟**

وەڵام: بە گومانکردن لە هەرشتێک کە نەیدەتوانی بە ئەزموونی خۆی پەسەندی بکات. ئەم دڕدۆنگیە زیادەڕەوییە هەموو ئەو شتانەی خستەلاوە کە مرۆڤ بە درێژایی چاخەکان و سەدەکان باوەڕی پێیان بوو، بەڵام هەرگیز بەپراکتیکی ئەزموونی نەکردبوو.

**پرسیار: وەکو؟**

وەڵام: وەکو خودا.

**پرسیار: بەڵام ئەوەی هیوم وتی، وا نایەتە بەرچاو گۆڕانێکی زۆری کردبێت. خەڵک هێشتا باوەڕیان بە خودا هەیە؟**

وەڵام: بەڵێ، و دیسانەوە هەستیان نەدەکرد کە ئەمە لەسەر باوەڕێک ئەنجام دەدەن، نەک لە ئەنجامی ئەزمونی راستەوخۆ یا بەڵگەهێنانەوەی ژیری.

**پرسیار: کەواتە رەتکردنەوەی میتافیزیک لەلایەن هیومەوە ئەسڵەن گۆڕانێکی دروست نەکرد؟**

وەڵام: لە راستیدا گۆڕانێکی

گەورەی دروسنکرد، بەتاییەت بۆ بیرمەندان و فەیلەسوفان.

**پرسیار: چۆن؟**

وەڵام: هیوم بەرەنکردنەوەی هەرشنێک جگە لەوەی دەتوانرێت بە ئەزموون پەسەندی کرد جگە لە خودا زۆر شنی تریشی رەنکردەوە. هۆگەرایەتی رەنکردەوە کە بۆ زانایان و فەیلەسوفان زۆر گرنگ بوو.

**پرسیار: چۆن؟**

وەڵام: بە بڕوای هیوم ئەوەی ئێمە لەسەر ئەزموون دەیزانین ئەمەیە کە شنێک بەدوای شنێکی تردا دێت. هەرگیز ناتوانرێت بوترێت کە شنێک هۆی شنێکی ترە. ناتوانرێت لە ئەزموونی خود باڵتر بڕۆین و ئەمەی وت. ئێمە هەرگیز بە کردەیی ئەزموون ناکەین کە شنێک دەبێتە هۆ و هۆکاری شنێکی تر.

**پرسیار: کەواتە؟**

وەڵام: ئەمە، بنچینەی هەموو زانینی ئێمە تێک دەچڕژێنێ. بەبڕوای هیوم، زانسنی دامەزراو لەسەر هۆیەکی، میتافیزیکیە نەک ئەزموونی. واتە قابیلی سەلماندن نییە. و سەلماندن، واتە سەلماندنی لێکۆڵینەوە، بنەمای زانینی ئێمەیە. بە هەمان شێوەش فەلسەفە بەبڕوای هیوم هەرگیز ناتوانرێت دەسنەواژە فەلسەفیەکان جێگیربکرێن مەگەر ئەوانەی ئاکامی ئەزموونی راسنەوخۆن.

**پرسیار: وەکو؟**

وەڵام: وەکو دەسنەواژەی «ئەم سێوە سەوزە».

**پرسیار: بەڵام بەو مانایەیە کە فەلسەفە لە راستیدا ناتوانێت شتێک بڵێت.**

وەڵام: ڕێک و راست. و ئەمە هەمان کۆسپ و ئەگەرەیە کە کانت هەوڵیدا بە فەلسەفەکەی بەسەریدا سەربکەوێت.

**پرسیار: چۆن؟**

وەڵام: ئەو هەوڵیدا نیشانیبدات کە وێڕای دڕدۆنگی روخێنەری هیوم، هێشتا دەتوانرێت میتافیزیکی دروستبکرێت. بنچینەیەکە بۆ شێوەی هەمەکی و لە دیدی لۆژیکیەوە دەناسرێنەوە- بنەمایەک کە لەبەرامبەر دڕدۆنگی هیوم دەوەستایەوە. کانت ئەوەی یەکەمجار لە کتێبی «رەخنەکردنی ژیری بێگەرد»دا پیادەکرد.

**پرسیار: کەواتە میتافیزیکی کانت کۆششێک بوو بۆ دەستگەیشتن بە جۆرە زانستێکی کۆتایی کە حەقیقەت و دروستی زانینی ئێمەی دەستەبەر دەکرد؟**

وەڵام: ڕێک و راست.

**پرسیار: ئەمەی چۆن بردە پێش؟**

وەڵام: کانت شنێکی



هیگل، کانت، کیرکەگۆر، نیچە

خـسـتـەڕوو کـە بـۆ خـۆی نـاوی نـا «فـەلـسـەفـەی ڕەخـنـەگـرتـن». ئەمە کشا بۆ شیکردنەوەی قوڵی مەعریفەناسی(واتە لێکۆڵینەوە لەبنەماکانی زانینمان) بەبڕوای کانت، ئێمە دادەوەرییەکی تایبەت دەکەین کە بۆ هەموو زانستێک پێویستە. ئەو ئەم حکومانە یان بڕیارانەی بە «لێکدراوی پێشینانە» ناوبرد. مەبەستی لە(لێکدراو) ئەمەبوو کە ئەمانە «شیکاری»نین و ئەو زانینەی کە لە خۆیاندا هەیانە لە چەمکی سەرەتاییدا نەشاردرابوونەوە. بۆ نموونە «تۆپ خڕە» دەستەواژەیەکی شیکاریانەیە چونکە مانای «خڕی» لەمانای «تـۆپ»دا شـاردراوەتـەوە. بەڵام «تۆپ بریقەدارە» بریارێکی لـێـکـدراوییـە. دەربــارەی تـۆپ شتێک دەڵـێـت زیـاد لـەوەی لە مـانـای سـەرەتـادا بـوونـی هەیە، بەهەمانشێوەی کە لە دەستەواژەی ئەزموونی دەیبینین. مەبەستی کانت لە بریارە پێشینانەکان ئەو بریارانەن کە پێویست و هەمەکین. بەر لەهەر ئەزموونێک پێویستە راستگۆبن و تەنها بەیارمەتی ئەقڵ فەراهەم دەبن. بەپێچەوانەوەی ئەو بریارەی کە لە ئەنجامی ئەزمونەوە بەدەست دێت، ئەمانە تایبەت و رێ تێچوو نین، واتـە تەنیا لەیەک ڕووەوە دەرناچن و زەروەرەتـی لۆژیکیان نییە بەپێچەوانەی ئەو دەستەواژانەی وەک «ئـەم ئەسپەی لەشار هێنا براوەیە»و «ئەوە ئەسپە کوێتەیە».

ئـەم دەســـتـەواژە پێشینانە ئاوێنەیەکی وەک هەموو بریارێکی زانستی دەبێت نکۆڵی لێ نەکراو و بەشێوەیەکی گشتی راستگۆ بن. بە گوزارشتێکی تر، هەمان دەسـەڵات و توانای گوزارشتێکی شیکارییان هەبێت، هەرچەندە لێکدراون و دەبێت لەسەر ئەزموون شایستەی ناولێنان بن لە هەمانکاتدا پێشەنگیان.

پـرسـیـاری سـەرەکـی کانت ئەمە بوو « دەستەواژە لێکدراوە پێشینانەکان چۆن دەبن؟» ئەو ئەم پرسیارەی لەسەر ماتماتیک، فیزیک، و میتافیزیک دەخستەڕوو. بە باوەڕی کانت، ماتماتیک پەیوەستە بە کات و شوێنەوە. کانت دەیـوت کە بە پێچەوانەی رواڵەت، کات و شوێن لە واقیعدا پێشینانەن، واتە بەشێک نین لە ئەزموونی ئێمە، بەڵکو مەرجی پێشینانە پێویستی ئەو ئەزموونەن. بەبێ ئەم «شێوە هەستیارانەی خود» ناتوانین ئەزموونمان هەبێت.

کانت پاشان بەڵگە دەهێنێتەوە کە دەستەواژە فیزیکیەکان بریاری پێشینانەن. بریارە ئەزمونیەکان پۆلێن بەندی دەکەن( وێڕای ئەمەی لـێـکـدراون). ئـەم چەمکانە، یان «چەمکە ئیدراکیەکانی ئێمە» بە قەولی کانت، زیاتر وەکو(شوێن و کات)ن لە ماتماتیکدا. «چەمکەکان» چـوارچـێـوەی بـنـەڕەتـی زانینی ئێمەن. لە خۆگری شتەکان وەک: چۆنیەتی، چەندێتی، سـەبـارەت بە(لەخۆگری هۆکەرایەتی) و بابەتە دانراوەکانی(وەکو بون یان نەبوون)ن. بەشێک نین لە ئەزموونی ئێمە. لەهەمانکاتدا، ئێمە ناتوانین بەبێ ئەوانە ئەزمونێکمان هەبێت.

بـەڵـم کاتێک بـە میتافیزیک دەگەین، وێنای ئەمە راستگۆیە. میتافیزیک پەیوەندی بە ئەزموونەوە نییە( «ئەودیوی فیزیک» یا سەرووی سروشتە). بەم مانایەی کە ناتوانرێت «چەمکەکانی» وەکو چەندێتی و چۆنیەتی بە میتافیزیک بخرێنەڕوو، چونکە ئەمانە چوارچێوەی زانینی ئەزموونی ئێمەن. بەم پێیە میتافیزیک خۆی لە شوێنەواری بریارە پێشینانە لێکدراوەکان دەکـاتـەدەرو بنەمای زانستییان نییە.

**سیستەمی ئاکاری کانت، ئەوی بۆ دەربڕینی ئەم باوەڕە هاندەدا، کە هەرگیز نابێت درۆ بکەیت، ئەگەر هەر دەرەنجامێکیشی لێ بکەوێتەوە**

وێـرای ئـەوە، ئەگەر چەمکی میتافیزیکی، وەک خـودا، لەبەر چاو بگرین، ناتوانین دەستەواژەی زانستی(یان قابیلی پەسەندکردن یان لێکۆڵینەوە) دەربـارەی ئەوە بسازێنین، چونکە هەر چەمکێکی کە بەکاریدەهێنین تەنیا پەیوەستە بە ئەزموونەوە. بەم پێیە قسەکردن لە بوون(یان نەبوون)ی خودا، خراپ

> **کانت سەرەنجام تەنیا بەیەک بنەما گەیشت: «بڕیاری ڕەها». ئەمە زەمینە و بنەمای پێشییانەی هەر کاردانەوەیەکی ئاکارییە**

بەکاربردنی چەمکەکانە.

بەم شێوازە، کانت میتافیزیکی لە کارخست. لە هەمانکاتدا، بەم کارە فەلسەفەی میتافیزیکی ئەلتەرناتیڤی خۆی دامەزراند. «شێوە ئیدراکیەکانمان»(کات و شوێن) بەوجۆرەی کە کانت دەیبینی، هەروەها «چەمکە ئیدراکییەکانمان»(لە خۆگری بوون، پێویستی، و هاوشێوەکانی) بێ هیچ دوودڵیەک میتافیزیکین. دەتوانرێت شوێن و بوون لە جیهانی مادی ئەزموونی خود بزانرێت،بەڵام کانت ئەمەی نەکرد. وێرای ئەمە، بەڵگەهێنانەوەی بەسەر میتافیزیک لەخۆگری ئەوانەش دەبێت. ئێمە ناتوانین دەربارەیان دەستەواژە لێکدراوە پێشییانەکان بسازێنین. ئەوانە زانستی نین، شیکاری نین، و لەرووی لۆژیکیەوە پێویست نین: میتافیزیکین. و ئەگەر، لەلایەکی ترەوە، لە ئەزموونی ئێمە ، ناتوانن ببنە دڵنیایی تێگەیشتنی پێشییانەی ئیدراکیمان.

(رەخنە لە ئەقڵی پراکتیکی) کانت هەوڵدەدات یەک جۆرە فەلسەفە بۆ ئاکار بەکاربهێنێت. لەباتی ئەم پرسەی کە ئایا ئەو شتانەی بەناوی بڕیاری لێکدراوە پێشییانەکان بوونیان هەیە، دەپرسێ ئایا ئەو یاسایانە بوونیان هەیە کە بەسەر ئیرادەی ئێمەدا فەرمانڕەوابن و وێرای ئەمە بتوانرێ پێیان بڵێین هەمەکین. لەباتی چەمکەکانی، لێرە بە «بڕیار یان فرمانی رەها» دەگات- کە بەشێک لە ئەزموونی ئاکاری پراکتیک نییە بەڵکو چوارچێوەی پێشییانە پێویستی ئەوە. وێڕای ئەمە فرمانی رەها بەم جۆرە پێناس دەکرێت: «تەنیا لەسەر بنەمای سەرەکی کاربکە کە لەهەمانکاتدا بتەوێ یاسای گشتی بێت.» ئەم کارە، هەروەکو چەمکەکان، تەنیا رواڵەتییە. چەمکەکان ناوەڕۆکی ئەزموونیان نییە. کاری رەها ناوەرۆکی ئاکاری نییە. ئەم کارە رەهایە لەوانەیە زۆر شیاو دەربکەوێتبەڵام زۆر فراوانە کە ئاکاری دژبەری وەکو سادو-مازۆخیسم و حەزی هیپی ئاسا بۆ ئاشتی و خۆشەویستی لەخۆ دەگرێت. بە مسۆگەریش ئەقڵنیە و پێویست دەکات کە هەموو مرۆڤەکان لە تەبیعەت لەگەڵ یەکتردا وەک یەک و هاوخود بزانین،بەڵام دەروونناسیمان بەمسۆگەری ئەقڵنی نیە و ئێمە هەموو مرۆڤەکان لە تەبع لەگەڵ خۆماندا وەک یەک نازانین. ناشمانەوێ ئەوانە وابن- مەگەر ئەمەی کە بە ڕێکەوت دیکتاتۆربین. چۆن دەتوانرێت کارێکی لەوشێوەیە تەنانەت بەکاربخرێت ئەگەر بەو جۆرە بیرنەکەینەوە یان بەوجۆرە رەفتار نەکەین؟ لەوانەیە بنەمایەکی گشتی بەرچاو پەسەند بکەین کە بەسەر هەموو کاردانەوە ئاکاریەکانی ئێمەدا فەرمانڕەوا نەبن. هەندێک بنەما ئەوەندە بونیادی بوونیان نیە کە نامانەوێ لەبارەی کاردانەوە ئاکاریەکانی هەموو خەڵک بەڕەوا بزانین و بەکاری بهێنین. من لەوانەیە لە مرۆڤ خۆری خۆم بەدوور بگرم و لە هەمەنکاتدا بمەوێ بزانم کە ئەسڵی «خواردنی مرۆڤەکان هەڵەیە» لە هەموو جیهان حاکم و ڕەوایە.بەڵام ئەگەر لە مرۆڤ کوشتن خۆمان بەدوور بگرین، بەو مانایە نیە کە بمانەوێ پۆلیسیش لە کوشتنی بە بارمنەگیراوانی مرۆڤ کوژ خۆیان بەدووربگرن. دەتوانرێت بەڵگە بهێنرێتەوە کە لەبەرئەوەی بڕیار یان فرمانی رەها تەنیا چوارچێوەی ئاکارییە، ئەمجۆرە بەربەست و سنوردارکردنانە بەکارنەخرێت. ئێمە بەمجۆرە پەنابردن بۆ چوارچێوە رواڵەتیەکان، خودی بڕیاری ڕەها بۆ شتێکی تەواو خاڵی دەگۆڕێت. ئەم بڕیارە تەنیا دەڵێت کە ئێمە دەبێت وەها رەفتاربکەین کە حەز دەکەین کەسانی تریش رەفتار بکەن.

- پارانویا: جۆرە پەرێشانییەکی دەروونی بەردەوام و درێژخایەنە کە نەخۆش توشی بەرزەفڕی یان گومان خراپی دەکات،بەڵام بەشەکانی دیکەی کەسایەتی ئەو نەخۆشە وەک خۆیان دەمێننەوە.

# مێژووی ڕووداوە گرنگەکانی فەلسەفە



مارتن لۆسەر

سەدەی شەشەمی(پێش زاین): سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا بە ئەندێشەکانی ئالیس مەڵتی

کۆتایی سەدەی(پ.ز): مردنی فیساگۆرس.

399(پ.ز): سوقراط لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

387(پ.ز): ئەفلاتۆن ئەکادیمیاکەی خۆی کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێت لە ئەسینا دادەمەزرێنێت.

335(پ.ز): ئەرەستۆ قوتابخانەی لیسیۆم لە ئەسینا بنیاتدەنێ کە دەبێتە رکابەری ئەکادیمیا.

324(ز): ئیمپراتۆر((کۆنستانتین)) پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما دەگوازێتەوە بۆ شاری بیزەنتە.

400: قەشە ئاگۆستین کتێبی(دانپیانانەکان)ی خۆی دەنوسێ، فەلسەفە لە خوداناسی مەسیحیدا دەبێتە شتێکی ئەستەم.

410 : رۆخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما بەدەستی بەربەرییەکان.

529: داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر یۆستینین، کە ئەمەش نیشانەی کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی و سەرەتای چەرخی تاریکی بوو.

ناوەڕاستی سەدەی سیانزەهەم: تۆماس ئەکویناس باسەکەی خۆی لەسەر ئەرەستۆ دەنوسێ. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەی(سکۆلاستیک).

1453 : روخانی بیزەنتی بەدەست تورکەکان، کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی.

1492 : کریستۆف کۆلۆمبس دەگاتە ئەمریکا. سەردەمی رێنسانس لە شاری فلۆرەنسا و سەر لە نوێ ژیانەوەی رێنمایە یۆنانیەکان.

1543 : کۆپەرنیکۆس کتێبی(دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانیەکان) بڵاوکردەوە و لەڕووی ماتماتیکیشەوە سەلماندنی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

1633: کەنیسە گالیلۆی ناچارکرد کە بە فەرمی نکوڵی لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات.

1641: دیکارت(رامانەکان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە. دەستپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن.

1677: کتێبی(ئاکار)ی سپینۆزا لە دوای مردنی، مۆڵەتی بڵوکردنەوەی دەدرێتێ.

1687 : نیوتن کتێبی(بنەماکان) بڵاودەکاتەوە و تیایدا بە ناسینی چەمکی(کێشکردن)ەوە خەریک دەبێت.

1689 : لۆک(پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ) بە چاپدەگەیەنێ. دەستپێکی سەردەمی فەلسەفەی

ئەزمونگەرایی.

1710 : بیرکلی کتێبی(بنەمای زانسنە مرۆییەکان) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری دەگەیەنێتە سنوری تازەتر.

1716 : مردنی لایبنیز

1739-1740 : هیوم(پەیامێک لەبارەی سروشتی مرۆییەوە) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەرایی تا رادەیەکی لۆژیکی تر دەباتە پێش.

1781 : کانت کە لە خەوی دۆگمائیکی خۆی بە ئاگاهاتۆتەوە بە یارمەتی هیوم کتێبی(رەخنە لە ئەقڵی پەتی) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی شکۆداری میتافیزیکی ئەڵمانیا دەستپێدەکات.

1807: شۆپنهاوەر کتێبی(جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن) بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە میتافیزیکای ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو.

1889: نیچە بە راگەیاندنی ئەم بابەتەی کە(خودا مردووە) لە شاری تۆریت دووچاری شێتی دەبێت.

1921: وینگنشتاین(پەیامی لۆژیکی - فەلسەفی) خۆی بڵاودەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە تیایدا گەیشتۆتە دوا رێگە چارەی مەسەلە فەلسەفیەکان.

دەیەی 1920: ئەڵقەی ڤیەننا، برەویدا بە پۆزیتیڤزمی لۆژیکی.

1927: هایدیگەر کتێبی(بوون و زەمەن) چاپدەکات، کە باس لە جیابوونەوەی فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپایی دەکات.

1943: سارتەر بە بڵاوکردنەوەی کتێبی(بوون و نەبوون) هزرەکانی هایدگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی بونگەرایی دەخاتەڕوو.

1953: بڵاوبوونەوەی کتێبی(لێکۆڵینەوەی فەلسەفیەکان) ی ڤینگنشتاین لە دوای مردنی لوتکەی سەردەمی زمانشیکاری.

**مێژووی ژیان و سەردەمی کانت**

22 ئاپرێلی 1724: کانت لە کونیگسبێرگ ی پروسیای خۆرهەڵات دێتە دنیاوە.

1738: دایکی کانت دەمرێت.

1739: دیڤید هیوم، فەیلەسوفی سکۆتلەندی، کتێبی(پەیامێک لەبارەی سروشتی مرۆییەوە) بڵاودەکاتەوە.

1741: کانت دەچێتە زانکۆی کۆنیگسبێرگ.

1743: لە دایکبوونی تۆماس جیفرسۆن.

1746: کانت باوکی دەمرێت و ناچار دەبێت واز لە زانکۆ بهێنێت و بۆ گوزەرانی ژیانی ببێتە مامۆستای تایبەت.

1750-1752: ڤۆڵتێر لە دەرباری فرێدریکی دووەمی پادشای پروسیا لە پۆتەسدام دەمێنێتەوە.

1751: مردنی لامتری، فەیلەسوفی فەرەنسایی.

1755: کانت سەرەنجام بڕوانامەی خوێندنی لە زانکۆی کۆنیگسبێرگ وەردەگرێت.

لە زانکۆی پریواتدوزنێت دەبێتە مامۆستا و وانەی(ماتمائیک، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و جوگرافیای سروشتی) دەڵێتەوە.

1759: کردنەوەی مۆزەخانەی بەریتانیا.

1762: رۆسۆ کتێبی(ئێمیل) بڵاودەکاتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کانت بەرنامە هەمیشەییەکەی بگۆڕێت و پیاسەکردنی پاشنیوەڕۆیانی واز لێبهێنێت.

1770: لە دایکبوونی هیگڵ.

کانت دەبێتە مامۆستای لۆژیک و ماتمائیک.

1774: گۆتە رۆمانی» ئازارەکانی ڤێرتەری لاو» بڵاودەکاتەوە.

1776: راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا. مردنی هیوم.

1778: مردنی رۆسۆ.

1781: کانت کتێبی(رەخنە لە ئەقڵی پەتی) بڵاودەکاتەوە.

1788: کانت کتێبی(ڕەخنە لە ئەقڵی پراکتیکی) بڵاودەکاتەوە.

1789: شۆڕشی فەرەنسا. جۆرج واشنگتن دەبێتە یەکەمین سەرۆک کۆماری وڵتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

1790: کانت کتێبی(ڕەخنە لە توانای هێزی بڕیار«حوکمدان») بڵاودەکاتەوە.

1799: ناپلیۆن دەبێتە یەکەم کونسوڵی فەڕەنسا.

ئۆکتۆبەری 1803 : کانت بۆ یەکەمین جار لە تەمەنیدا نەخۆش دەکەوێت.

1804: ناپلیۆن دەبێتە فەرمانڕەوای ئەڵمانیا. کانت دەمرێت و لە کەنیسەی کۆمەڵگای کۆنیگسبێرگ بە خاک دەسپێردرێت.

سەرچاوە:

- اشنایی با کانت- پل استراترن- ترجمەی کازم فیروزمند- چاپ اول 1389، نشر مرکز